# بەختیار عەلی
# چاوپێکەوتن لەگەڵ «سیروان ناشاد»
# بۆ گۆڤاری پێشکەوتن

**پرسیار: بەختیار عەلی لە پێناسەیەکدا جێگای نابێتەوە، دەکرێ بۆ خۆی پێناسێکی بەختیارمان بۆ بکات؟ بەختیار کێیە؟**

بەختیار عەلی: زەحمەتە هیچ کەس بتوانێت پێناسەی خۆی بکات. من خۆم ئارەزوو و مەیلێکی وام نییە بۆ پێناسەکردنی خۆم. جێگا نەبوونەم لە پێناسەیەکدا نیشانەی ئارەزوویەکی قووڵە بۆ تەسلیم نەبوون بە هیچ پێناسەیەک . بەدبەختی نوسەر ئەو کاتە دەستپێدەکات کە لە شوێنێکدا گەمارۆدەدرێت. نوسین شەڕێکی گەورەیە لە گەڵ پێناسەکردن و ناوناندا.دواجار پرۆسەی خۆ پێناسەکردن پرۆسەی خۆڕوونکردنەوەیە، پرۆسەیەکە تیاییدا خود خۆی دەکاتە بابەتی تێڕامانەکانی خۆی، واتە خۆی دەکاتە ئۆبێکت، خود دەڕوانێتە خۆی وەک شتێک. من تەواو دژی ئەو خۆ بە ئۆبێکت کردنەم، دژی ئەوەم مرۆڤ شێوەیەکی کۆتایی بداتە خۆی. عەفەویەتێک هەڵچوونێک هەیە کە بەردەوام مرۆڤ دروستدەکات. خۆ پێناسەکردن واتە دیاریکردنی هەموو ئەو ڕێگایانەی کە دەبێت پیا بڕۆین... واتە دیاریکردنی وێنەیەک بۆ من کە دەبێت بەیانیش دڵسۆزبم بۆی. هەموو پێناسەیەک بریتییە لە جۆرێک لە پەیمان، پەیمان بە شتێک کە دەبێت من بیگەێنم. لە کاتێکدا پرۆسەی نوسین دەرگا کردنەوەیەکی بەردەوامە لەسەر شتە کوتوپڕەکان، پرۆسەی بابەت گۆڕین و جێگاگۆڕین و شێوەگۆڕینە. لێرەوە تاکە پێناسەیەک بە گونجاوی بزانم بۆ خۆم ئەوەیە کە کەسێکم نامەوێت پێناسەبکرێم. بە تایبەت هەموو پێناسەیەک وێنەیەکی پێشوەخت بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێت، هەموو پێناسەکردنێکی نوسەر زوڵمە لە نوسینەکانی، چونکە پێش خوێندنەوە ئاڕاستەیەکی تەفسیر بەسەر تێکستەکانیدا دەسەپێنێت.

**پرسیار: لەنێو باس و بابەت و تیورەکانی کۆتایی مرۆڤ و مێژوو، لە فەزای دایەلۆگەکانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرندا ئێمە کورد لە کوێداین؟**

بەختیار عەلی: دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئێمە لە دونیادایین و هەموو کێشەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە کێشەی ئێمەن. گرفتی سەرەکی نوێگەریی کوردی بەو مانایە کە من تێیدەگەم لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە کۆنخوازو تەقلیدییەدا لێرەدا تەواو بەرجەستە دەبێت. ئەوان پێیانوایە کە کێشەکانی دونیای دەرەوە کێشەی ئێمەنین و خۆخەریککردن بە تێگەیشتن لەدەرەوە جگە لە ئەرکێکی زیاد و لاوەکی کە هەندێ ڕۆشنبیری غەربزەدە خۆیانی پێوە سەرقاڵکردووە هیچی تر نییە. من لێرەدا حەزدەکەم بە کورتی چەند خاڵێک دەستنیشانبکەم.
هیچ ڕۆشنبیرییەک لە دونیادا، لەدەرەوەی پەیوەندی بە خۆرئاواو کولتووری فیکری و فەلسەفی خۆرئاواوە ناتوانێت ببێتە ڕۆشنبیری، واتە تێگەیشتن و کۆنتاکت لەگەڵ خۆرئاوادا مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بتوانین قسە لە هەبوون و نەبوونی ڕۆشنبیرییەک بکەین.
بەڵام جگە لەم خاڵە سەرەکی و جەوهەرییە، خاڵێکی دیکەش هەیە کە ئەویش ئەوەیە، هیچ میللەتێک ئەمڕۆ لەدەرەوەی کێشە سیاسی و فیکری و شارستانییە گەورەکانی دونیا ناژی. واتە کۆمەڵێک گرفتی سەرتاسەری

هەن، گرفتی کۆی مرۆڤایەتیین و گرفتی تایبەتی شارستانییەتێک و کێشەی تایبەتی کولتورێک نین. بۆ نمونە کۆمەڵێک کێشەی گەورە هەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خۆرئاواوە سەرچاوە دەگرن بەڵام ئەمڕۆ کاریگەرییان لەسەر هەموو کۆمەڵگاکانی دەرەوەی خۆرئاواش هەیە.« کێشەی نوێکردنەوەو تەکنۆلۆژیا، کێشەی زانست و مۆراڵ، کێشەی ئازادی و سروشتی حوکم یاخود دیموکراسییەت و تۆتالیتارییەت. کێشەی دەوڵەتی نەتەوەیی و سیستمی جیهانی. کێشەی پێکهاتی پۆست کۆلۆنیالی و کەمە نەتەوەکان. کێشەی گەشەی زیاترو کۆتایی مێژوو و چەندان و چەندانی تریش». ئەمانە هەمووی کۆمەڵێک کێشەی قووڵن کە گرفتی سەرجەمی دونیان. هەر یەک لەم کێشانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە ژیانی ئێمەدا هەیە. سەلەفییەتی کوردی، دەیەوێت شتەکان وا وێنابکات کە ئەم کێشانە کێشەی ئێمە نین و کێشەی تیوریی ڕووتن و دوورن لە دونیای ئێمە. بەڵام تەواو بە پێچەوانەوە چارەنووسی ئێمە چ وەک میللەت و چ وەک تاکیش پابەندی ئەو کێشانەیە.

ئێمە لە ڕووی واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە بۆ سەدەیەک دەچێت لەناو گرفت و پرسیارو فەزاکانی مۆدێرنەداین، مێژووی چەرخی بیستی ئێمە لەو کاریگەرییە جیانابێتەوە کە مۆدێرنەی خۆرئاواو خۆرهەلاتی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێمە جێیانهێشتووە، بەڵام کێشەی گەورەی ئێمە ئەوەیە لە ڕووی فیکرییەوە لەتێگەیشتنی مۆدێرنە دواکەوتووین. واتە دەلاقەیەک هەیە لە نێوان بوونی ڕاستەقینەی مۆدێرنەو تێگەیشتنی ئێمەدا ... مۆدێرنەو کێشەکانی بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە دونیای ئێمەدا ئامادەیە، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەی تەقلیدی و نابینای ئێمەیە سەدەیەکە خۆی لە بینینی دەدزێتەوە. ئێستاش کاتی ئەوەیە ئەو دەلاقەیە پڕبکرێتەوە.

لێرەوە دوو ڕێگا هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پرسیارانە، یەکەم یان ئەوەیە بە سروشتی مەیمونێک لە باغچەی ئاژەڵاندا ڕەفتاردەکەین، واتە نەتێدەگەین ئێمە لە کوێین، نەدەزانین ئەوانەی تەماشاماندەکەن کێن، نەدەزانین ئەوانەی کارمان لەسەردەکەن کێن، نەدەزانین لە چ زەمین و مەملەکەتێکدا گیرساوینەتەوە، نەدەزانین لە پشت چ جۆرە قەفەزێکەوە وەستاوین و کێ زیندانی کردووین و بۆچی؟. یاخود وەک مرۆڤێک بەرەنگاری ئەو دۆخە نوێ و سەرتاپاگیرە دەبین بەوەی کە تێیدەگەین و وەک هێزێکی کاراو چالاک لە ناویدا کاردەکەین و کارلەڕەوت و ئاڕاستەکان دەکەین.

هێزە تەقلیدی و جەهلپەرستەکانی ناو واقیعی ئێمە دەیانەوێت ئێمە وەک مەیمونێک لە باغچەی ئاژەڵاندا بژین. زەبری هەموو کاریگەرییەکانی دونیای دەرەوە بچێژین، بەڵام تێینەگەین و ڕیشەکانی نەبینین و نەیخوێنینەوە. لێرەوە بەردەوام دەڵێن، ئێمە لە کوێ و کێشەکانی مۆدێرنە لە کوێ؟. ئێمە لە کوێ و کێشەکانی فیکرو فەلسەفە لە خۆرئاوا لە کوێ؟ لە ڕاستیدا ئێمە لە ناو جەرگەی ئەو کێشانەداین، چونکە بەرەنجامی ئەو کێشانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانمان هەیە. من تا ئەو جێگایە دەڕۆم کە بڵێم هیچ میللەتێک لەم سەر ئەستێرەیە ناتوانێت لە خۆی تێبگات، گەر لە خۆرئاوا و دیالۆگەکان و فەزا فیکرییەکەی خۆرئاوا تێنەگەیشت. تێگەیشتن لە خۆرئاوا مەرجێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە خود. ناتوانین قسە لە تازەگەریی بکەین لە کۆمەڵگاکانی خۆماندا، گەر لەکێشەکانی ناو مۆدێرنەی خۆرئاوا تێنەگەین، ئەوانەی کە نایانەوێت لە خۆرئاوا تێبگەین دوو هێزن، یان ئەوەیە دەیانەوێت ئێمە لە سەدە تاریکەکانی خۆماندا نوقمبکەن و دەرگای گەشەو داهاتوومان لێداخەن، کە بەداخەوە ئەمە ستراتیژی کۆمەڵێک هێزی گەورەیە، کە بە ئاگاو نائاگا کەوتوونەتە ئەم گەمەیەوە، ئەوی دیان هەموو ئەو هێزانەن کە بە سەتحی و ڕووکەشانە بەرەو لاساییکردنەوەی خۆرئاوامان دەبەن. ئەم گروپەی دووەمیان هێزێکی کۆمیدی، بەڵام ترسناکیشە، هەڵوێستەکانی پڕە لە ناکۆکی و دژایەتی، لەسەرێکەوە قسە لە تازەگەری دەکات، بەڵام کە دەنوسێت لە بری فیکر و بیروڕا ببینین وڕێنە دەخوێنینەوە، لە هەموو مێژووی تازەگەری خۆرئاوادا لە بری دۆزین و هەڵکۆڵین لەناو قووڵاییە فیکریەکاندا، بە هەندێ شەپۆلی وەک داداییەتەوە دەنیشێتەوە کە دەزانێت دەرگای وڕێنەکردنی بۆدەکاتەوە. وڕێنەکردنێک بەناوی تازەگەرییەوە ئەرکی تێگەیشتن و خوێندنەوەی خۆرئاواو کوردو دنیاشی لەکۆڵدەکاتەوە. بەڵام ئەمجۆرە سەلەفییەتە کە

سەرپۆشێکی دادائیانەی بەسەر ڕوخساری فەقێیانەی خۆیدا داوە، لەجەوهەردا جۆرە ڕێبازێک لە فیکرو هونەری خۆرئاوا هەڵدەبژێرێت کە پێیوایە هیچ ئیلتیزامێکی فیکری و تیوری ناخاتەسەرشان و دەرگای ئەوەی لێدەکاتەوە دەستکورتی مەعریفی و جوانکاری خۆی ناو بنێت تازەگەری و هەندێ زاراوەشی دەداتێ بۆ ناونانی وڕێنەکانی خۆی. لە ناو هەر یەکێک لەو تازەگەرە وەهمیانەدا پیاوێکی کۆنەپەرست خەوتووە، پیاوێکی تاسەر ئێسقان سەلەفی و کۆنزەرفاتیف. لێرەوە تێگەیشتن لە خۆرئاوا پێویستە تا ئەم وێنە کۆنزەرفاتیفانەی خۆمان بناسینەوە کە پارچە سیپاڵێکی ناو مێژووی داهێنانی خۆرئاوا دەدەن بە خۆیانداو پێیان وایە بەوە بوون بە بەشێک لە پڕۆژەی تازەگەری.

ئێمە ئەمڕۆ لە ناو پرسیارەکانی مۆدێرنەداین... کێشەی تازەکردنەوەی ژیانی سیاسی و فیکریمان بە قووڵی دەمانخاتە بەردەم خوێندنەوەی هەموو شێوازەکانی تازەگەری و کێشەکانییەوە، ئەم کێشانە کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازی هەیە، ڕەهەندی شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەی هەیە، تازەگەری ڕاستەقینە لە بنەڕەتدا قسەکردنە لەسەر هەموو ئەو ڕێگرانەی کە لە فیکرەوە دێن و دواجار لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانیدا ڕەنگدەدەنەوە. لێرەوە ڕەخنەگرتن لە دونیای جاران، تەنیا پێشنیارکردنی مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی سیاسی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەر لەهەر شت خوێندنەوەیەکە بۆ هەموو ئەو پێکهاتەی کە ڕابوردوو دروستیکردووەو بەرهەمیدەهێنێتەوە. بۆیە ناکرێت بەبێ ناسینی ئەو مەتریالیانەی کە ئێمە لێیدروست بووین و ئەو مەتریالەی کولتوورەکانی تر لێیدروست بووە، قسە لە ئامادەگی خۆمان بکەین لە دونیادا، لێرەوە حەزدەکەم بڵێم، ئامادەگی ئێمە لە ناو ئەو دیالۆگ و فەزا فیکرییەدا، ئامادەگی ئێمە لە دونیادا دەسەلمێنێت..واتە پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئێمە ئامادەبین یان نا، بەڵکو بوون و نەبوونمان بە خودی ئەو ئامادەگییەوە بەستراوە. بە مانایەکی تر ئامادەبوونمان یان غائب بوونمان تەنیا پرسیاری هەندێ ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو پرسیاری قووڵی مان و نەمانی ئێمەیە... ئێمە تا ئەو جێگایە هەین و دەبین کە لەو فەزاو کێشەو پرسیارانەدا ئامادەبین، تا ئەو جێگایەش نین کە نائامادەین . بوونمان لە ناو فەزای فیکرو پرسیارە فەلسەفی و شارستانییە گەورەکاندا، تەنیا پێوەری کولتوورو گەشەی فەرهەنگیمان نییە، بەڵکو پێوەری مردن و ژیانمانە... ئەمەشە ئەو خاڵە جەوهەرییەی کە هێزە تەقلیدی و تازەگەرە درۆزنەکانی ناو واقیعی ئێمە نایانەوێت باوەڕیپێبهێنن.

**پرسیار: لە مێژە گیرۆدەی پەتاو تووشی ئیدمانی «وابوو، واچوو، واڕۆی» ین، لە کاتێکدا ناشتوانین ڕەتی دوێنێ بکەینەوە کە کولتورێکە لە شوناس و پێناسمان، پێشم وایە هەنگاو نان لە سفرەوە لە عەدەمییەتی مێژوودا گیرمان دێنێ، ئایا زریزەیەک بۆ لێکگرێدانی دوێنێ و ئەمڕۆو ڕوانین بۆ پەنجەرەی ڕەهەندەکانی سبەی چییە، تۆ چۆنی دەبینی؟**

بەختیار عەلی: من پێموانییە ڕەتکردنەوەی ڕابوردوو لە گۆڕێ بێت. لە هیچ پڕۆژەیەکی تازەگەریدا شتێک نییە ناوی ڕەتکردنەوەی ڕابوردوو بێت، ئەوکاتیش کە قسە لە ڕەتکردنەوە دەکەین قسە لە دووبارەنەکردنەوەی دەکەین. جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ڕەتکردنەوەی ڕابوردوو، بە مانای توڕدان و گوێپێنەدان و بە هیچ تەماشاکردنی لەگەڵ جۆرێکی تر لە ڕەتکردنەوە کە لەسەر دووبارەنەکردنەوەی وەستاوە. مەرجی یەکەمی دووبارەنەکردنەوەی ڕابوردوو فەرامۆشکردنی نییە، بەڵکو تێگەیشتنێتی.
من پێموایە ڕابوردو لە ئێستادایە، لەگەڵماندایە، بەشێکە لە پێکهاتمان، ڕابوردوو حوکومەت و هێزێکی سیاسی نییە هەندێ دروشمی لە بەرابەر بەرزبکەینەوە ئیدی بۆ خۆی بڕوخێت. زۆرجار کێشەی هەندێ لە کەسانی ڕادیکال ئەوەیە کە واتێدەگەن بەهەمان ئەو مەنتیقەی کە تیایدا دژایەتی دەسەڵاتێک دەکەین دەتوانین دژایەتی

ڕابوردووش بکەین، بەڵام ڕووخانی دەسەڵاتێک، یان هاتنی هەندێ فۆرمی نوێ بۆ ناو پێکهاتەیەک هەرگیز بە مانای ڕوخانی ڕابوردوو نییە. جەنگ لەگەڵ ڕابوردوودا، ستراتیژی دیکەی هەیە. بەڵام لە جەوهەردا ماناکانی ڕابووردووش دەگۆڕێت... هەتا ئەوانەش کە بەرگری لە ڕابوردوو دەکەن و دەیانەوێت دووبارەیبکەنەوە تەبا نین لەسەر ماناکەی. یەکێک لە کێشە گەورەکانی سەلەفییەت و عەقڵییەتی تەقلیدی کوردی ئەوەیە کە هەتا هەوڵی پێناسەکردنی ڕابوردووش نادات، لەواقیعی ڕۆشنبیری ئێمەدا تاکە کۆمەڵە ڕۆشنبیرێک لەسەر ماناکانی ڕابوردوو کاردەکەن، ئەوانەن کە بە تازەگەری گوناهباردەکرێن. بەڵام بە گشتی لەبەردەم گەلەک مۆدێلی جیاوازداین بۆ ڕابوردوو. ئەو ڕابوردووەی یەکێکی ئیسلامی بانگەشەی بۆدەکات، ئەو ڕابوردووە نییە کە یەکێکی ناسیونالیست بانگەشەی بۆدەکات. هەندێ لە ڕۆشنبیرانیش کە باس لە ڕێزگرتنی ڕابوردوو دەکەن، باس لە ڕێزی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی دەکەن کە خۆیان لە دەمێکی دیاریکراودا نوسیویانە، هەندێکی تریشیان مەبەستیان لە ڕابوردوو کۆی ئەو کولتوورو نەریت و ڕەفتارو ژینگە کۆمەڵایەتییەیە کە کۆمەڵگای کوردی سەردەمانێکی زۆر هەڵگری بووە. بەڵام بەش بە حاڵی خۆم هیچ یەکێک لەوانە بە هێزی سەرەکی و مۆرکی قووڵی ڕابوردوو نازانم... بەشێک لە پرۆژەی فیکری من هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنێکی دیکە لە خودی ڕابوردوو. ڕابوردوو بە بۆچوونی من... ستراکتورێکی تایبەتی و کۆمەڵێک میکانیزمی ئیشکردن و بیرکردنەوەو بینین و هەستکردن و تەفسیرکردنە. ئەو میکانیزمانە جۆرە وەزیفەیەکی تایبەتیان بەخشیوەتە فیکرو پەیوەندییەکی تایبەتییان بەخشیوەتە نێوان مەعریفەو دونیا و وێنەیەکی تایبەتیشیان بەخشیوەتە مانای زانست و زانین و ڕاڤەکردن. کێشەی سەرەکی ئەو وێنە لە ژمارە نەهاتووانەن کە ئەو جۆرە میکانیزمانە لەسەر شتەکان بۆی دروستکردووین، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ڕابوردوو سیستمێکی تایبەتی ڕوانینە، سیستمێکی دڵڕەقانەی وێنەکردن و وێناکردنە، هەڵگری چەندەها جەبرە کە لە ڕێگای چەندەها کەناڵی تایبەتییەوە چالاکانە فەرمانڕەوایی دەکات... بە پێچەوانەی بۆچوونی بەڕێزتانەوە من وا هەستدەکەم کە ئەو وێنەو میکانیزمانەی لە واقیعی ئێمەدا ڕابوردوو بەرهەمیهێناوە، دروستکەری شوناس و پێناسی ئەوتۆ نین کە بوونی ئێمە بڵندبکاتەوەو بیپارێزێت، لەوەوبەر بە درێژیی لەسەر ئەو وێنانە قسەمکردووە کە ڕابوردووی ئێمە بۆ «عەقڵ، غەیب، ئیرادە، کولتور، زەمەن، خود، نەتەوە، قوربانی، جەلاد... هتد» دروستیکردووە، هەموو ئەو وێنانەش ئەمڕۆ هێزی ئیفلیجکەرن. بە مانایەکی تر ڕابوردووی ئێمە کورتناکرێتەوە بۆ «نالی و مەحوی و مەولەوی»... ڕۆشنبیرە کۆنزەرفاتیڤەکانی دونیا ئێمە، بەردەوام هەوڵدەدەن ئەو تەڵەیە دابنێن و بڵێن ئەوانەی قسە لە نوێگەری دەکەن، حورمەتی نالی و مەحوی و داهێنەرەکانی ڕابوردوو ناگرن، هەندێک دەڵێن حورمەتی فۆلکلۆریش ناگرن، هەموو ئەو جۆرە بۆچوونانە کە واتێدەگەن، ڕابوردوی ئێمە نالی و مەحوییە، ڕابوردوو کورتدەکەنەوە سەر یەک دیوی، دیوێک کە هەمیشە پەراوێزیی و ناچالاک بووە.

ڕابوردوو جۆرە سیستمێکی ئاڵۆزی دونیا بینیە. ڕابوردوو نالی و مەحوی نییە، بەڵکو ئەو پێکهاتە عەقڵی و مەعریفی و ئەخلاقی و ویژدانییەیە کە لە هەموو بەشێکی ژیانی ئێمەدا ڕەنگیداوەتەوە، ڕابوردوو تێکستی کۆمەڵێک شاعیر نییە، بەڵکو سیستمێکی وێنەیە کە پێشوەخت جۆرە نیگارێکی تایبەتی بەخشیوە بە هەموو بەشەکانی ژیان و بیرکردنەوەمان. ڕابوردوو کۆی ئەو وێنانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، ئەو هێزانەیە کە ناهێڵێت عەقڵێکی ڕەخنەگر لە دونیای کورددا لە دایک بێت، ئەو هێزانەن کە پەیوەندی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە سەر ئیقاعی پەیوەندی ئاغاو نۆکەر دروستدەکەنەوە، ئەو هێزانەن ناهێڵن ستراکتوری مەعریفی ئێمە گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەوانەن کە لە جیهانی دەرەوە دەمانترسێنن، ئەوانەن دەیانەوێت ئێمە تا کۆتایی دونیا ڕۆڵی قوربانی ببینین، ئەوانەن ناهێڵن ئەو دۆخەی کورد تیا گیریخواردووە لەسەر ڕۆشنایی دونیای کورد خۆیدا لێکبدرێتەوەو هۆکانی لەو دونیایەدا بدۆزرێتەوە. بە کورتی ئەوەی ڕابوردوو بۆ ئێمەی جێهێشتووە کۆمەڵێک میکانیزمی «خۆنەبینینە»، کۆمەڵێک میکانیزمی دروستکردنی تەمتومان و تەمومژە تاکۆی شتەکان لە پشت

کۆمەڵێک وەهم و ئەفسانەوە ڕوخساری خۆیانمان بۆدەرخەن. واتە پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت چ ڕابوردوویەک بە چ داهاتوویەکەوە گرێبدەین؟. من پێموانییە لەئاستی تیورو مەعریفەدا کەس بتوانێت لەسفرەوە دەستپێبکات... شتێک نییە لەم دونیایەدا ناوی لە سفرەوە دەستپێکردن بێت. هەموو یەکێک خەونی یەکێکی دی تەواودەکات. هەتا کە قسە لە دابڕانیش دەکەین، قسەمان لەسەر توڕدان نییە، بەڵکو قسەمان لەسەر گۆڕینی گووتارەکانە بۆ ناو کۆمەڵێک سیاقاتی تر. بۆ ناو سیستمی تازەی تەفسیرکردن. داهاتوو بەو جۆرە بە ڕابوردووەوە گرێدەدرێت، بەوەی کاراکتەری ئێستا لەبەر پێی ڕابوردوودا سەرنەبڕدرێت، جەوهەری ئێمە کە لەم ساتەدا دەژین نەکرێتە قوربانی درێژەدان بە جەوهەرە مردووەکان. کێشەی ئێمە ئێستا لە بنەڕەتدا پاراستنی ڕابوردوو نییە، کێشەی ئێمە دروستکردنی ئەمڕۆیە. لەگەڵ لەدایکبوونی هەموو قۆناغێکی زەمەنی تازەدا تەمەنێکی تازە بۆ ڕووە ڕوناکەکانی ڕابووردووش دەدۆزرێتەوە، چونکە ئێستا چییە جگە لە لەدایکبوونی جۆرە چاوێک کە دووبارە توانای خۆی لەسەر بینین تاقیدەکاتەوە، یەکێک لەو ڕوبەرە گەورانەش کە هەموو دیدێک دەیەوێت خۆی لەسەر تاقیبکاتەوە، ڕابوردووە. کە ئەمڕۆش تەنیا وێنەیەکی دووبارەی دوێنێ بوو، ناتوانین قسە لە پەیوەندی و گواستنەوەو لێکدان و گرێدان بکەین.،

لێکدان و گرێدان هەمیشە لە نێوان دوو ڕەگەزدا بەرقەرار دەبێت کە دوو پێکهات و ڕۆحی جیاوازیان هەبێت. دەبێت ئەمڕۆ کاراکتەری خۆی وەک قۆناغ دارشتبێت، ئەوسا دەکرێت قسە لە پێکەوە گرێدان بکەین، گەورەترین دوژمنی لەیەکگرێدان و گواستنەوە، ئەوانەن کە دژی سەرهەڵدان قۆناغێکن ملکەچی لۆژیکی کلاسیکیانەی ژیان و بیرکردنەوە نەبێت.

**پرسیار: لە نێو ئەدەب و هونەرو هزردا پێموایە لە هەناوی خوددا «بەکولتورو کەلەپورو مێژوو» بەرەو جیهانیبوون هەڵدەکشێی، وەک ڕەسول هەمزاتۆڤ چۆن لە داغستانەوە بەرەو جیهان چوو، زۆرجاریش پەیامێک لە کوێرە گوندێکەوە بە جیهان ڕادەگات، بەختیار عەلی چۆن دەیبینێ؟**

بەختیار عەلی: لەڕاستیدا جیهانیبوون تەنیاملکەچی داهێنان نییە. من پێموایە ئەدەبی هەموو میللەتێکی دونیا ژمارەیەک تێکستی تیابێت شایستەی ئەوەبێت لەدەرەوەی خۆیدا بخوێنرێتەوە. بەڵام کێشەی جیهانیبوون بەشێکی ئەو ڕۆشنبیری و کولتوورە دیاریدەکات کە نوسەر لێوەی دێتەدەرێ، بەشێکی دیکەشی خۆرئاوا دەستنیشانی دەکات. دیارە بەر لە کۆتایی جەنگی سارد هەلومەرجەکانی ناوبانگی جیهانی جۆرێکی تربوو، بۆ نمونە چەندەها نوسەر لەسەردەمانێکداو بە یاریدەی کەش و هەوای ململانێی خۆرئاواو خۆرهەڵات ناوبانگێکی دونیاییان وەرگرت... هەڵبەت مەبەستم نییە بڵێم ئەو نوسەرانە خۆیان گەورە نەبوون... نا، بەڵام مەبەستمە بڵێم کە مەسەلەی ناوبانگ زۆرجار ملکەچی کۆمەڵێک هەلومەرجە دەکەونە دەرەوەی ئیبداع خۆی. بۆ نمونە بەڕێزت ناوی هەمزاتۆڤت هێنا، بەڵام هەمزاتۆڤ لە خۆرئاوا بەدەگمەن دەناسرێت.
بەهەرحاڵ مەسەلەی جیهانی بوون بۆ ئێمەی کورد لە داهاتووی نزیکدا لە ئاسۆدا نییە... مەگەر ڕێکەوت یان شتێکی دی خزمەتمان بکات. لەسەردەمانی پێشوودا خۆرئاواییەکان خۆیان زمانی گەلان و نەتەوەکانی تر فێردەبوون و وەریاندەگێڕا و لێرەشەوە خۆرئاوا کولتووری گەلانی خۆرهەڵاتی ناسی... ئەمڕۆ ئەو سەردەمانە بەسەرچوون خۆرهەڵاتناسان پێویستیان بە فێربوونی زمانی میللەتانی وەک ئێمە بێت، لە هەموو خۆرئاوادا بەدەگمەن بتوانیت کەسێک بدۆزیتەوە کوردی بە جۆرێکی ئەوتۆ بزانێت بتوانێت تێکستە نوێ و هاوچەرخەکانی پێبخوێنێتەوەو تێیانبگات و وەریانبگێڕێت، هەندێ لەوانەش کە ئەو توانایەیان هەیە بە عەقڵییەتێکی خۆرهەڵاتناسانەوە سەیری کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی دەکەن، هێندەی خۆیان بە مەمی ئالانەوە سەرقاڵدەکەن

خۆیان به نوسەرە هاوچەرخەکانەوە سەرقاڵناکەن... لێرەوە تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە کورد خۆی وەرگێڕی هەبێت...تراژیدیاکەش لەوایە کورد وەرگێڕی نییەو لە داهاتووی نزیکیشدا لە دایکبوونی وەرگێڕێکی باش بۆ ئەم زمانە ئەوروپیانە لە ئاسۆدا نابینرێت. کورد تاکە میللەتێکی سەر ئەم ئەستێرەیەیە کە وەرگێڕی نییە، بەبێ وەرگێڕانیش چۆن قسە لە جیهانی بوون بکەین؟. دیارە ئەو حاڵەتە بۆ خۆی شاهیدی ئەوەیە کە ئەو هەموو بە ناو ئەنستیوت و دەزگاو کۆمەڵە ڕۆشنبیرییە کوردییانە لە خۆرئاوا، چ درۆیەکی گەورەن، چ جۆرە دیکۆرێکی پڕ نیفاقن، کە ساڵەهای ساڵە ناتوانن بچوکترین ڕۆڵیان لە ناساندنی داهێنانی کوردیدا هەبێت... من هێندە دەڵێم ئێمە نەمانتوانیوە مەحوی و نالی و مەولەوی و گۆران بە دونیا بناسێنین، لێرەوە ڕۆشنبیرانی نەوەکانی دی چ جۆرە گلەییەک بکەن؟ دیارە حورمەتی ئەدەبی میللەتێک تەنیا وەرگێڕان و چاپکردنی چەند کتێبێکیش دەستنیشانی ناکات، چونکە گەر دەزگایەکی بەهێزت نەبێت کە ئەو کتێبانە لەدەرگای گەورەوە بهێنێتەدەرێ ئەوا هەموو چاپکراوێک چەند نرخی هونەریشی بەرزبێت، لە ناو ئەو لاشاوی چاپەمەنییە گەورەیەدا کە لە خۆرئاوا هەیە، لە هیچەوە دیارنابێت. دیارە لە پشت ئەم دوو کۆسپە سەختەوە کۆمەڵێک کۆسپی دیکەش هەن، کە پابەندە بە جۆرێک لە ڕاسیزمی کولتووری کە لە هەندێ جێگای خۆرئاواو لەلایەن هەندێ دەزگای بە دەسەڵاتەوە پراکتیک دەکرێت، بەڵام بە هەر حاڵ ئەم کێشانە تووشی نوسینێک دێت وەگێڕدرابێت و چاپکرابێت . هیچ نوسینێکی گرنگی کوردی نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە تا گلەیی لە ڕاسیزمی کولتووری بکات لە خۆرئاوا.

لە ئێستادا وادەبینم ئاسۆکانی بە جیهانیبوون بۆ نوسەری ئێمە تاریک و بێتروسکەیە. ئەمە جگە لەوەی بەهێزکردنی ئەدەبی کوردی و پتەوکردنی ماڵی ئەم ئەدەبە لە ناوەوەو لای من گرنگترە لە داڵغەلێدان بە شتێکەوە کە زەمینەیەکی نییە.

**پرسیار : لە دەقە شیعرییەکانتا لێکخشانێک هەیە لەگەڵ مەعریفەدا، واتە لە دەقێکدا فۆرم و تەکنیک و ستاتیکا و فیکر دەبینرێ، لە کاتێکدا شیعر ئەرکی تەرحکردنی فیکری نییە وەک بابەتێکی ئەبستراکت، تۆ لە شیعرەکانتدا دەتەوەێ چی بە خوێنەر ببەخشی «چێژ یان بابەت».؟**

بەختیار عەلی: دیارە شیعر ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆو ئازادترین شێوەی نوسینە... شیعر بەهەشتی ئازادییە...ئەو ئازادییەش شیعر پێشکەشمانی دەکات مەزنترو قووڵترە لە هەر ئازادییەکی تر کە لە هەر ئاستێکی ژیان یان داهێناندا بێت... بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە تەنیا شاعیر ئەمجۆرە ئازادییە ئەزموندەکات، لێرەوە تێگەیشتنی لە دەرەوە کارێکی ئەستەمە، چونکە ماهییەتی ئەو ئازادییە تەواو جیاوازە لە ماهییەتی ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئازادییەکە قووڵتر و ناوەکی ترە، کە لەوانەیە زۆرجار ناهاوسەنگی لە نێوان ناوەوەی شاعیر و ژینگەی دەرەکیدا دروستبکات.

کێشەی گەورەی ئەم ئازادییە ئەوەیە کە هەندێک دەیانەوێت بیگۆڕنە سەر جۆرە مەنفایەک بۆ شیعر، واتە ئازادی شیعر بکەنە ئەو دیوارەی شیعر لە فیکر جیادەکاتەوە. لە کاتێکدا من پێموایە شیعر بەبێ کۆنتاکتێکی هەمیشەیی لەگەڵ فیکردا ناتوانێت ئازادی خۆی بەرجەستەبکات. کێشەکە لە بنەڕەتدا لەم پرسیارەدا کۆدەبێتەوە: «ئایا کە شیعر کۆنتاکت لەگەڵ فیکرو پرسیارە فەلسەفی و ئینسانییە قوڵەکاندا دەکات، شیعر دەبێتە فیکر یان فیکر دەبێتە شیعر؟»... شیعر لای من ئەو جێگایەیە کە دەکرێت ئامێز بۆ هەموو شتێک بکاتەوە، ئامێز بۆ قسەی غەریزەکان و قسەی عەقڵ، قسەی بڕواو قسەی کوفر، قسەی ژیان و قسەی مەرگ. بەڵام هەر شتێک کە دێتە ناو شیعر دەبێت واز لە جەوهەری خۆی بێنێت و ببێت بە شیعر... فیکر لە شیعردا دەبێت ببێتە شیعر... من پێموایە شیعر ئەو هێزەیە کە دەتوانێت جۆرێک لە جەوهەری ستاتیکی تر بداتە هەموو شتەکان. کاتێک فیکر کە لە پرسیارە عەقلانییە ئەبستراکتەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو قەسیدە، لە ڕوکارێکی

ستاتیکی دیکەدا دەردەکەوێت. شیعر ئەو هێزەیە کە دەتوانێت دیوێکی ستاتیکی لە هەموو بابەتێکدا بدۆزێتەوە... بۆیە چێژی فیکر لە ناو شیعردا هەر چێژی شیعر خۆیەتی، بەڵام فیکرە لە نیشتەجێبوونیدا لە ناو شیعردا جۆرە سیمایەکی دیکە بۆ خۆی دروستدەکات، جۆرە ماڵێکی دیکە دەدۆزێتەوە. فیکر خۆی چێژێکی تایبەتی هەیە، کە دەچێتە ناو شیعرەوە جۆرە چێژێکی دیکە دروستدەکات..بوونی فیکر لە شیعردا نەوەکو دژ بە چێژی شیعر نییە، بەڵکو گۆڕینی شیعر بۆ سەحرایەکی خاڵی و بۆ مەیدانی وڕێنەکردن ئەوەیە کە چێژی شیعر دەکوژێت... هەرشتێک شیعر هەژاربکات، ڕووبەرەکانی تەسکبکاتەوە، سنوور بۆ ئازادی دابنێت، زیان لە چێژی شیعر دەدات. بەڵام دیارە لە فیکریشدا ئاستێکی سەتحی هەیە کە خاوەنەکانی هیچی لێدروستناکەن و بە مردووی دەچێتە ناو شیعر و بە مردووی دێتەدەرێ، هەروەکو چۆن زۆرجار ئەوانەی باس لە فۆرم و تەقینەوەی زمان دەکەن، بە سپێتی دەڕۆن و بە سپێتی دێنەدەرێ.

**پرسیار: بەشێک لە شاعیرە لاوەکان لەپاڵ سێبەری بەختیارەوە دەنووسن، ئەی بەختیار خۆی کاریگەری کەسێکی بەسەرەوە هەبووە؟ وە لە نێو ئاپۆرەی زۆرو بۆری شیعردا چ دەنگ و هەوڵێکتان لاپەسەندە؟**

بەختیار عەلی: لە ڕاستیدا زۆر بە کورتی وەڵامی بەشێکی ئەو پرسیارە دەدەمەوە، دەتوانم ئەوەندە بڵێم هیچ شاعیرێک نییە لە ژێر کاریگەردا نەبێت... تەنیا مردووەکان لە ژێر کاریگەری کەسدا نین. ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵێک شاعیر هەبن وەک جەنابت دەڵێیت «لە پاڵ سێبەری بەختیارەوە دەنووسن» دڵنیاتدەکەمەوە ئەوە وێستگەیەکەو شاعیرە ڕەسەنەکان بەجێیدەهێڵن و دەنگ و شێوازی خۆیان دەدۆزنەوە. بەکەمگرتن و سوکایەتی بە هەندێک لەو شاعیرانە لە بەرئەوەی وەک بەختیار دەنووسن، نەوەک بۆچوونێکی هەڵەیە، بەڵکو دیدێکی تیرۆریستیانەیە.هەندێجار پارچە شیعری زۆر قووڵ و جوان دەبینم کە هەندێ لە لاوەکان دەینوسن، کە هەڵگری ڕەنگی بوون و ڕۆحی خۆیانە بەڵام بەو توهمەتە تیرۆر و بێقەدر دەکرێن... ئەمڕۆ هەوڵێکی دزێو و ناشیرین هەیە کە هەموو جیلەکە کورتبکەنەوە بۆ سەر دەنگێک، ئیشی نەوەیەک بێقەدر دەکەن، تا لەو ڕووەوە ئاسانتر کۆنترۆڵیبکەن.

شاعیرو سێبەرەکانی ئاسانتر گەمارۆدەدرێت و کۆنترۆڵدەکرێت لە شاعیر و هاوڕێکانی.

کاتێک شاعیر بێدەنگکرا، سێبەرەکانیشی دەکوژرێن و بێدەنگدەکرێن.

بەڵام کاتێک شاعیر شێوێنراو پرۆسەی بەرنامەڕێژکراوی گەمەکردن پێی سەریگرت، هاوڕێکانی ناکوژرێن و بێدەنگناکرێن، لێرەوە دەیانەوێت برێکی گەورەی ئەو جیلەی ئەمڕۆ ، وەک سێبەرێک دەربخەن تا گەر ڕۆژێک منیان بێدەنگکرد، لە خنکانی دەنگی مندا هەموو دەنگەکانی تر بخنکێنن.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**